# چوار هەڵەی زەقی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ



**هەینی** 5.8.2011

**دەرسیم دیبەگەیی**
Darsim2006@hotmail.com

**هەڵەی یەکەم:** لە گۆشەی (ئەمڕۆ لە مێژوودا)، کە تایبەتە بە ڕووداوە مێژووییە گرنگەکانی کوردستان، ناوچەکەو جیهان، نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە ڕێکەوتی (2.6.2011)دا نووسیویانە: (1992 لە ڕاپرسییەکدا هاووڵاتیانی دانیمارک بە ئەندام بوونی وڵاتەکەیان لە یەکێتیی ئەوروپا ڕەت کردەوە، ئەمەش پاش ئەو ڕاپرسیەی لەو وڵاتەدا کراو (51%)ی دانیشتوانی ئەو وڵاتە بە ئەندام بوونی دانیمارک-یان لە یەکێتیی ئەوروپادا ڕەت کردەوە - سەرچاوە: کوردستانی نوێ، ژمارە (5495)، ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (2.6.2011)، ل19).

لە ڕاستیدا دانیشتوانی وڵاتی دانیمارک لە ڕیفراندۆمێکدا کە لە ڕێکەوتی (2.10.1972)دا لەم وڵاتە ئەنجام دراو ڕێژەی بەشداربووان (90،1%) بوو، ڕێژەی (63،4%)ی دەنگدەران بە بەڵێ و ڕێژەی (36،6%)ی دەنگدەران بە نەخێر دەنگیان دا. لە ئەنجامی دەنگدانەکە ئەوەبوو دانمارک لە ڕێکەوتی (1.1.1973)دا لەگەڵ هەریەک لە ئێرلەندە و بەریتانیا بە ئەندامی یەکێتیی ئەوروپا وەرگیران، نەک وەکو ئەوەی کە نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ نووسیویانە گوایە هاووڵاتیانی دانمارک لە ڕێکەوتی (2.6.1992)دا لە ڕیفراندۆمێکدا بە ئەندام بوونی وڵاتەکەیان بۆ یەکێتیی ئەوروپی ڕەتکردبێتەوە، کە ئەوکاتە نزیکەی بیست ساڵ دەبوو دانمارک ئەندامی ئەو یەکێتییە بووا! دانمارک وڵاتێکی فیدراڵییە و دوو هەرێمی (گرۆنلاند) و (فێیە ئویەنە) دوو هەرێمی سەربەخۆی سەر بەو وڵاتەن، هیچ کام لەم دوو هەرێمە لەگەڵ هاتنی دانمارک بۆ ناو یەکێتیی ئەوروپی، نەهاتن بۆ ناو یەکێتییەکە. کەچی لە ساڵی (1979)دا گرۆنلاند هاتە نێو یەکێتیی ناوبراو، بەڵام دواتر لە ئەنجامی گشت پرسییەکدا کە لە ڕێکەوتی (1.2.1985)دا لەو هەرێمە بەڕێوەچوو، کە ڕێژەی دەنگدەران (74،9%) بوو ئەوەبوو (53%)ی بەشداربووان دەنگیان بۆ دەرچوونی گرۆنلاند و (47%)ی دەنگدەرانیش بۆ مانەوە لەناو یەکێتیی ئەوروپی دەنگیاندا، هەرێمی ناوبراو یەکێتیی ئەوروپای جێهێشت. هەرچی سەبارەت بە (فێیە ئویەنە)یە کە ئەو هەرێمە لە ساڵی (1948)دا دامەزراوە، سەرەتای چوونی دانمارک بۆ ناو یەکێتیی ئەوروپی، ئەوان قایل نەبوون بۆ چوونە ناو ئەو یەکێتییە وەکو ئەندام، بەڵام دواتر دوو ڕێکەوتنی ڕاوکردنی ماسی و بازرگانی کردنیان لەگەڵ یەکێتیی ناوبراودا مۆرکرد. دەکرا هەرێمی باشووری کوردستان بۆ چوونە ناو کۆمکاری وڵاتانی عارەبی پشت ببەستێت بە ئەزموونی گرۆنلاند و فێیە ئویەنە کە دوو هەرێمی فیدراڵی سەر بە دانمارک-ن و ئەندامی یەکێتیی ئەوروپی نین سەرەڕای ئەوەی کە دانیمارک زۆرتر لە (38) ساڵە ئەندامێکی کارای یەکێتیی ئەوروپییە، هەرێمی کوردستان لە دەرەوەی کۆمکاری وڵاتانی عارەبی بمایەوە و تەنیا بەشی ئێراقی عارەبی (باشوور و ناوەڕاستی ئێراق) ئەندامی ئەو کۆمکارە بوونایە، بەتایبەت کە لە مادەی (1)ی بەڵێننامەی کۆمکاری وڵاتانی عارەبی هاتووە: (کۆمکاری وڵاتانی عارەبی لە وڵاتە سەربەخۆ عارەبییەکان پێکدێت، کە واژۆی ئەو بەڵێننامەیان کردووەو هەریەک لە وڵاتانی عارەبی سەربەخۆ، مافی ئەوەیان هەیە بێنە ناو ئەو کۆمکارە)، چونکە باشووری کوردستان (هەرێمی کوردستانی بەناو ئێراق) هیچ پێوەندییەکی بە کۆمکاری وڵاتانی عارەبییەوە نییە، نە خاکی عارەبە و نە بەشێک بووە لە وڵاتی ئێراق، بەڵکو خاکی کورد و بەشێک بووە لە کوردستان.

ڕیفراندۆمی (2.6.1992) کە کوردستانی نوێ باسی دەکات سەبارەت بە دەنگدان بوو بۆ پەسندکردنی ڕێککەوتننامەی ماستریخت، کە لەنێوان وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپی بەسترابوو، دانیشتوانی هەر وڵاتێکی ئەندام دەبوایە دەنگی بۆ بدەن بە مەبەستی پەسندکردن یان ڕەتکردنەوەی. لەکۆی (83،1%)ی ڕێژەی بەشداربووان لەو ڕیفراندۆمەدا، ڕێژەی (50،7%)ی دەنگدەران بە نەخێر و ڕێژەی (49،3%)یش بە بەڵێ دەنگیان دا، واتە زۆربە ئەو ڕێکەوتننامەیان پەسند نەکرد، بۆیە دانمارک وابەستەی ئەو ڕێکەوتننامەیە نەبوو. بەڵام دوای نزیکەی ساڵێک بەسەر تێپەڕبوونی دەنگدانەکە، دووبارە حکومەتی دانمارکی بۆ جاری دووەم لە ڕێکەوتی (18.5.1993)دا بڕیاری ڕیفراندۆمێکی تری دەرکرد

لەپێناوی پەسندکردنی ڕێکەوتننامەی ماستریخت و بڕیارەکانی ئیدین بۆرگ. ڕێژەی بەشداربووانی دەنگدانی ئەم جارەیان (86،5%) بوو، کە ڕێژەی (56،7%)ی دەنگدەران بە بەڵێ و (43،3%)ی دەنگدەران بە نەخێر دەنگیان دا، ئەوەبوو دانمارک بووە یەکێک لەو وڵاتانەی کە چووە نێو ڕێکەوتننامەی ماستریخت و لە ڕێکەوتی (1.11.1993)دا پەیوەست بوو بە جێبەجێکردنی پەیماننامەکە و بڕیارەکانی ئیدین بۆرگی سەر بە یەکێتیی ئەوروپی.

**هەڵەی دووەم:** لە گۆشەی (ئەمڕۆ لە مێژوودا)، نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە ڕێکەوتی (5.6.2011)دا نووسیویانە: (1926 کێشەی ویلایەتی موسڵ یەکلایی کرایەوە بەبێ ئەوەی ڕێز لە ویست و رای گەلی کوردی عیراق بگیرێت، یەکلایی کردنەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵ پێچەوانەی ئەو گفتوگۆو بەڵێنانە بوو کە پاش تەواو بوونی جەنگی یەکەمی جیهانی بە گەلی کورد درابوو، چونکە بەپێی ڕێکەوتننامەی سیڤەر دەبوایە گەلی کورد خاوەنی مافە سیاسیەکانی خۆی بوایە، بەڵام ڕێکەوتننامەی لۆزان ئەو گفتەی نەهێنایە دی و ویلایەتی موسڵ-ی بە دەوڵەتی تازە دروست بووی عیراق-ەوە لکاند - سەرچاوە: کوردستانی نوێ، ژمارە (5497)، ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (5.6.2011)، ل23).

ئەوەی ڕاستی بێت پرسی ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) لە ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (16.12.1925)دا لە لایەن ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە کۆبوونەوەی ژمارە (37)ی خۆیدا لە جنێڤ و بە ئامادەبوونی (69) ئەندام لە کۆی (100) ئەندام، کە (37) ئەندام بە بەڵێ و (24) ئەندام بە نەخێر و (8) ئەندام بە کارتی سپی دەنگیان دا، بڕیاری یەکجارەکی لەسەر دراو بەبێ خواست و پرس کردن بە کورد خۆی و لەژێر پاڵەپەستۆی بەریتانیا و بڕیاری پێشوەختی ئەوان، تاڕادەیەکیش بە پێچەوانەی تەواوی ڕاپۆرت و ڕاسپاردەکانی (کۆمیسیۆنی توێژینەوەی پرسی ویلایەتی موسڵ)، بەتایبەت بە پێچەوانەی (بەڵگەنامەکانی ڕەگەزایەتی، مێژوویی و جوگرافی کە کۆمیسیۆنی ناوبراو ئامادەی کردبوون)، بە بڕیاری ژمارە (77)، ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)ی بەشێوەیەکی فەرمی بە ئێراقی دەستکردی ئینگلیزەوە لکاند و هێڵی برۆکسلی وەکو سنووری کۆتایی نێوان هەر دوو وڵاتی ئێراق و تورکیا دەستنیشانکرد. بڕیاری لکاندنی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) لە لایەن ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان بە ئێراقی عارەبی، بەمەرجی پەسەندکردنی بڕیارە چوار خاڵییەکە بوو کە ئەمانەن:

1- هێڵی برۆکسل سنووری جیاکەرەوەی نێوان هەر دوو دەوڵەتی تازەی ئێراق و تورکیا بێت.
2- ئێراق بۆ ماوەی (25) ساڵ لەژێر ماندات بەریتانیادا بێت.
3- دەبێت دەوڵەتی بەریتانیا ئاگادار بکرێتەوە تاوەکو بەرنامەی مافی بەڕێوەبەرێتی دانیشتوانی کوردی ویلایەتی موسڵ بداتە دەست ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان (داخوازی کوردەکان لە بەڕێوەبەرێتییەکی خۆجێیی مسۆگەر بکرێت).
4- دەبێت دەوڵەتی بەریتانیا ئاگادار بکرێتەوە تاوەکو ڕاسپاردەکانی کۆمیسیۆنی توێژینەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵ جێبەجێ بکات.

دوای تێپەڕبوونی نزیکەی (6) مانگ بەسەر بڕیاری ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان بە لکاندنی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بە ئێراقی عارەبییەوە، لە ڕێکەوتی (5.6.1926)دا پەیمانێکی سێقۆڵی لە ئەنقەرە لەنێوان بەریتانیا، ئێراق و تورکیا بەسترا. نوێنەرانی بەریتانی هەریەک لە (لۆرەنس شارلس لندمای) باڵوێزی بەریتانیا لە ئەنقەرە و (ئاڕ. سی. ئەندسی) بوون، نوێنەری تورکیا (ڕوشدی بەگ)ی نوێنەری ئەزمیر بوو لە پەرلەمانی تورکی، نوێنەری ئێراقیش نوری پاشا سەعید (نوری سەعید ساڵح مەلا تەها 1887-15.7.1958)، وەزیری بەرگری ئێراق بوو. هەر سێ لایەنی پەیمانی سێقۆڵی بەریتانیا، تورکیا و ئێراق ڕایانگەیاند کە ئەوان بە گەڕانەوە بۆ پەیماننامەی لۆزان (24.7.1923) ئەو پەیمانە نوێیەیان بەستووە، لە پێناوی کۆتایی هێنان بە کێشەی سنووری نێوان تورکیا و ئێراق. ئەو پەیماننامە سێقۆڵییە لەپێناوی پەسندکردنی بڕیاری ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان دەرهەق بە لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە ئێراق و بڕیاردان بوو بە قایلبوون بە جێگیرکردنی هێڵی برۆکسل وەکو هێڵی جیاکەرەوەی سنووری نێوان ئێراق و تورکیا،

نەک یەکلایی کردنەوەی پرسی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) وەکو ئەوەی کە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ئاماژەی پێکردووە.

**هەڵەی سێیەم:** لە گۆشەی (ئەمڕۆ لە مێژوودا)، نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە ڕێکەوتی (5.7.2011)دا نووسیویانە: (1926 ئینگلیزەکان ویلایەتی موسڵ-یان خستە سەر دەوڵەتی تازە دروستکراوی عیراق، ئەو سەردەم ویلایەتی موسڵ شارەکانی کەرکوک و هەولێر و سلێمانی دەگرتەوە - سەرچاوە: کوردستانی نوێ، ژمارە (5523)، ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (5.7.2011)، ل23).

لێرەدا ڕۆژنامەنووسانی بەرپرس لە گۆشەی (ئەمڕۆ لە مێژوودا) کەوتوونەتە نێو دوو هەڵەی زەقەوە. یەکەمیان: هەروەکو لە سەرەوەدا ئاماژەم پێکرد، ئینگلیزەکان لە ڕێگای ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە لە ڕێکەوتی (16.12.1925)دا ویلایەتی موسڵ-یان خستە سەر دەوڵەتی ئێراقی داگیرکەر، هەرچی سەبارەت بە پەیماننامە سێقۆڵییەکەی نێوان بەریتانیا، ئێراق و تورکیایە کە لەپێناوی پەسندکردنی بڕیاری ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان سەبارەت بە لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە ئێراق و جێگیرکردنی هێڵی بڕۆکسلی نێوان ئێراق و تورکیا بوو لە ڕێکەوتی (5.6.1926)دا، نەک لە ڕێکەوتی (5.7.1926)دا کە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دووبارە کراوەتەوە! دووەمیان: بەداخەوە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)ی ئۆرگانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە نووسیویێتی: (ئەو سەردەم ویلایەتی موسڵ شارەکانی کەرکوک و هەولێر و سلێمانی دەگرتەوە)، بەدڵنیایی بێئاگایی و نەشارەزایی ڕۆژنامەنووسانی بەرپرسی ئەم گۆشەیە دەردەخات سەبارەت بە مێژوو و جوگرافیای باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)، چونکە ئەوکات ویلایەتی موسڵ لە شارەکانی (موسڵ (نەینەوا و دهۆک)، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و دیالە) پێکدەهات و شاری موسڵ پایەختی ویلایەتی موسڵ بووە! باشە ئەگەر ویلایەتی موسڵ پارێزگا یان شاری موسڵ-ی نەگرتبێتەوە، بۆ ناوی ویلایەتەکە ویلایەتی موسڵ دەبوو و ناوێکی تری نەدەبوو؟

**هەڵەی چوارەم:** لە گۆشەی (ئەمڕۆ لە مێژوودا)، نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە ڕێکەوتی (10.7.2011)دا نووسیویانە: (1986 ڕژێمی بەعسی ڕووخاو هێرشێکی گەورەو بەربڵاوی بە پاڵپشتی چەندین کۆپتەر و تانک و زرێپۆشەوە کردە سەر گوندی (سێ گردکان)ی دەشتی کۆیە، پێشمەرگەکانی (ی. ن. ک.) ڕووبەڕوویان بوونەوەو هێرشەکەیان تێکشکاند، لەو نەبەردیەدا (3) پێشمەرگەی قارەمانی (ی. ن. ک.) شەهید بوون، ئەوانیش شەهیدان (ڕەنجدەر، یاسین معلم، شاکر سۆربەشی) بوون - سەرچاوە: کوردستانی نوێ، ژمارە (5527)، ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (10.7.2011)، ل19).

ئەوەی ڕۆژنامەنووسانی بەرپرس لەم گۆشەیەدا نووسیویانە زانیارییەکانیان کەموکوڕی زۆری تیایە! سەرەتا دەبوایە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ناوی تەواوی هەرسێ شەهیدەکە و پلەکانیان کە ئەمانەی خوارەوەن بنووسیبایە: (شەهید جەلیل ئەمین سادق تەلەلخێمی ناسراو بە (ڕەنجدەر)، فەرماندەی کەرتی دووی تیپی (87)ی قەرەچوغ، یاسین ئیبراهیم عومەر تەلەلخێمی ناسراو بە (یاسین موعەلیم) و شاکر عومەر عەلی ناسراو بە (شاکر سۆربەشی)، بەتایبەت لە لایەک بەعس دەمێکە ڕووخاوەو لە لایەکی ترەوە ئەو شەهیدانە بۆ نەوەی نوێ ناسراو نین. هەروەها کوردستانی نوێ بەلای ئەوەشدا نەچووە کە جاشەکانی قاسم ئاغای کۆیە لەو شەڕەدا بەشدار بووینەو سێ پێشمەرگەیان بەناوەکانی حامد هەینی سەعید خەیلانی، دینۆ زرار ئیبراهیم خاڵند سیان و ئیبراهیم تەلەلخێمی بەدیل گرت و لەلایەن قاسم ئاغاوە ڕادەستی ئەمنی هەولێر کران، دواتر حامد و دینۆ بە سزای هەتا هەتایە زیندانی کران و (ئیبراهیم تەلەلخێم)یش سزای لە سێدارە دانی بۆ بڕدرایەوەو لە ساڵی (1988)دا لە سێدارە درا.